

# گەڕاندنەوە بۆ وڵاتی خۆ

IOM Internationale Organisatie voor Migratie

Postbus 10796
2501 HT Den Haag

T 0900 – 746 44 66 (€ 0,05 p.m.)

I www.iom-nederland.nl

## بارنامەی REAN
## یارمەتی بۆ بەجێهێشتنی وڵاتی هۆڵەندا

تۆ بەو مەبەستە هاتی بۆ هۆڵەندا کە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنیتەوە. ڕەنگە تۆ دەربارەی ئاسۆی داهاتووی خۆت لە هۆڵەندا دڵنیا نەبیت. ڕێگایەک لە بەردەستی تۆ دایە: تۆ دەتوانی لە هۆڵەندا بمێنیتەوە، بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی بنەڕەتی خۆت یان لە وڵاتێکی دیکە نیشتەجێ ببیتەوە. ئەگەر تۆ بیر لە بەجێهێشتنی وڵاتی هۆڵەندا دەکەیتەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکان دا ڕێکخراوی کۆچبەری نێونەتەوەیی (IOM) دەتوانێت لەمبارەوە یارمەتی تۆ بدات.

IOM بەشێک لە دەوڵەتی هۆڵەندا نییە، بەڵکو ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی سەربەخۆیە. IOM، بە دارابوونی نووسینگە لە زیاتر لە ١٢٠ وڵات، یارمەتی و پاڵشتی پێشکەش دەکات بۆ پاراستنی مافەکانی کۆچبەران لە سەرانسەری جیهان. IOM تەنیا لە حاڵەتێک دا یارمەتی تۆ ئەدات کە تۆ داوای یارمەتی لێ بکەی.

بە چ شێوەیەک IOMئەم بەرگی زانیارییە وردەزانیاری تایبەت  دەربارەی ئەوەی کە دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ بەجێهێشتنی وڵاتی هۆڵەندا، پێشکەشی تۆ دەکات.

Infosheet REAN-programma
Sorani

Ned 0/1/434 T 2008

## یارمەتی IOM بۆ بەجێهێشتنی هۆڵەندا
بارنامەی REAN

### مەرجەکانی بەجێهێشتنی وڵاتێک بە یارمەتی IOM چییە؟

تۆ بەو مەبەستە هاتی بۆ هۆڵەند ا کە بۆ ماوەیەکی درێژ نیشتەجێ ببی، بەڵام ئێستا بڕیارت داوە کە بۆ هەمیشە هۆڵەندا بەجێ بهێڵی. IOM بە مەبەستی یارمەتیدانی سیتیزنەکانی وڵاتانی دیکە لەبۆ بەجێهێشتنی وڵاتی بیانی بارنامەی REAN پێشکەش دەکات: *بارنامەی گەڕانەوە و کۆچکردنی بیانیەکان لە هۆڵەند را.*

ئەگەر تۆ ئەم مەرجانەی خوارەوەت هەبێت ئەوا بۆ یارمەتیەکانی بارنامەی REAN شیاوی:

- نەتوانی پارەی خەرجی سەفەرەکەی خۆت بدەی.
- تۆ بەڵگەی بایەخداری سەفەرت هەبێت (واتە پاساپۆرت یان مۆڵەتی سەفەر)، یان بتوانی ئەو بەڵگە بەدەست بهێنی (ئەگەر پێویست بێت لە ڕێگای کەسێکی ناوبژیوانەوە).
- تۆ قەبووڵ بکەی کە بە ناوەندی خزمەتگوزاری کۆچبەری و وەرگرتنی بیانیەکان (IND) ڕێگا بدەی داواکارییەکەت بۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوون بەتاڵ بکاتەوە یان بیکێشێتەوە.
- تۆ لە پێنج ساڵی ڕابردوو دا لە ڕێگای بارنامەی REAN ـەوە هۆڵەندات بەجێ نەهێشتبێت. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بە خەرجی دەوڵەتی هۆڵەنداوە ئەم وڵاتەت بەجێ نەهێشتبێت.
- تۆ خەڵکی یەکێک لە ئەو وڵاتانە نەبیت کە بارنامەی REAN ئەوان ناگرێتەوە (یەکیەتی ئەورۆپی و هەندێکی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا). بەڵام بە قوربانیانی قاچاخی مرۆڤ لە ئەم وڵاتانە ڕێگا ئەدرێت کە لە بارنامەکە کەڵک وەربگرن.

### لە حاڵەتی نیشتەجێ بوونەوە لە وڵاتێکی دیکە دەبێت چ خاڵگەلێکی گرنگ ڕەچاو بکەی؟

ئەوەی کە ئایا بە پێی مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو وڵاتەی کە دەتەوێت لەوێ بگرسیتەوە، تۆ شیاویت بۆ نیشتەجێ بوونەوەی دووبارە لەو وڵاتە یان نە. IOM تەنیا لە حاڵەتێک دا بۆ سەفەری تۆ ئامادەکاری دەکات کە وڵاتی مەبەست ئیزنی نیشتەجێبوونەوە لەوێی بە تۆ دابێت. پێویستە تۆ لە کاتی گونجاو دا داوای ئیزنی نیشتەجێبوونەوە لە وڵاتی مەبەست بکەی چونکا، بە پێی بارودۆخی تاکەکەسی خۆت وە ئەو شێوازی کارە کە لە وڵاتی مەبەستی تۆدا بەکار دەهێنرێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە جێبەجێکردنی کارەکانی نیشتەجێبوونەوە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت.

### ئەگەر تۆ بتەوێت هۆڵەندا بەجێ بهێڵی IOM دەتوانێت چ یارمەتیەک بە تۆ بدات؟

- ڕێنوێنی و زانیاری دەربارەی ناردنەوە بۆ وڵاتی خۆ و نیشتەجێبوونەوە لە شوێنێکی دیکە.
- ڕێنوێنی دەربارەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەڵگەکانی سەفەر و دانەوەی خەرجی بەدەستهێنانی بەڵگەکانی گواستنەوە.
- بلیتێکی یەک- سەرە بۆ نزیکترین فڕۆکەخانە بە شوێنی مەبەستی تۆ.
- یارمەتی لە فڕۆکەخانەی Schiphol وە، ئەگەر پێویست بێت، هەروەها لە ئەو فڕۆکەخانەی کە تۆ بۆ ئەوێ سەفەر دەکەی.

### بە پێی بارودۆخی تۆ، چ یارمەتیگەلێکی دیکە پێشکەش دەکرێت؟

- یارمەتی دارایی بۆ دابینکردنی خەرجەکانی بژیوی تۆ لە چەند ڕۆژی سەرەتایی پاش بەجێهێشتنی هۆڵەندا. شیاویەتی تۆ بۆ ئەو یارمەتیە داراییە وە هەروەها ڕادە و ئەندازەی ئەو بڕە یارمەتیەی کە بە تۆ ئەدرێت بەسراوە بە بارودۆخی خێزانت وە دۆخی نیشتەجێیی تۆ لە هۆڵەندا.
- ڕەنگە یارمەتی داراییت پێ بدرێت بۆ گواستنەوەی تۆ لە فڕۆکەخانەوە بۆ دوایین شوێنی مەبەست لە وڵاتی بنەڕەتی خۆت.

## یارمەتی (دارایی) و ڕێنوێنی زیاتر

بێجگە لە ئەو یارمەتیەی کە لە چوارچێوەی بارنامەی REAN دا بە تۆ ئەدرێت، هەروەها IOM یارمەتی (دارایی) و ڕێنونێی زیاتر بەم شێوانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

### ڕێنوێنی و زانیاری

IOM لە هەندێک کاتژمێری دیاریکراو دا لە شوێنگەلی جیاجیا لە سەرانسەری ئەم وڵاتە خزمەتی ڕاوێژکاریی بەڕێوە دەبات. تۆ دەتوانی هەروەها لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ شوێنەکانی دیکە کاتێک دیاری بکەی بۆ ئەوە دەربارەی IOM ڕێنوێنی و زانیاری وەربگری. بۆ نموونە، لە:

- ناوەندەکانی نیشتەجێبوونی پەنابەران
- شۆرای هۆڵەندا بۆ پەنابەران *[VluchtelingenWerk Nederland]*
- سەرپەنای تایبەتی فریاکەوتن
- ناوەندەکانی دەستبەسەرکردنی بیانیەکان
- ڕێکخراوەکانی کۆچبەری
- دەزگا کۆمەڵگاییەکان
- دەزگا ئایینیەکان
- بنکەکانی شۆرای شار

IOM هەروەها لە ئەو شوێنە نافەرمیانەی کە کۆچبەران لەوێ کۆ دەبنەوە، زانیاری دەستەبەر دەکات.

### یارمەتی تاکەکەسی

IOM خزمەتگەلی ناوبژیوانانەی دیکە پێشکەش دەکات بۆ:

- ئەو کەسانەی کە گرفتی تەندروستیان هەیە
- ئەو منداڵە بیانیانە کە بە تەنیا هاتوون (UMFNs)
- قوربانیانی قاچاخ کردنی مرۆڤ
- ئەو کۆچبەرانەی کە لە دۆخێکی ناسک دان

### یارمەتی بۆ داهاتنەوەی دووبارە بە کۆمەڵگا

بە یارمەتی هاوکارانی لە سەرانسەری جیهان، IOM تێدەکۆشێت باشترین یارمەتی مومکین بۆ تۆ دابین بکات لە درێژایی پرۆسەی گەڕانەوەی تۆ بۆ وڵاتی خۆت یان نیشتەجێبوون و داهاتنت بە کۆمەڵگایەکی نوێ.

تۆ دەتوانی لە سەر ماڵپەڕی www.iom-nederland.nl وە هەر وەها لە سەر پەڕەکانی پەیوەندیداری زانیاری، دەربارەی یارمەتی (دارایی) و ڕێنوێنی زیاتر وردەزانیاری چڕتر بخوێنیتەوە.

ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ IOM پەیوەندی بکەی،

تەلەفۆن بکە بۆ:

**0900 – 746 44 66**

(هەر خولەک بە 0.05 یۆرۆیە)

نابێت لە ناوەڕۆکی ئەم بەرگی زانیاریە هیچ مافێک وەربگیرێت.